# نامەی دۆستێکی دێرین

**گۆران مەریوانی**
**(سوێد)**

**نێرەر: ئازاد عەبدولواحید**
**وەرگر: گۆران مەریوانی**

**دێباچە**

ڕۆژێ ماڵ خاوێن و ڕێک دەکەم، ساڵی چەند جارێ ئەو کارە دەکەم، دەمێ کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار و..... کەڵەکە دەبن، تا جێگەم تەنگتر نەبێ و ئەوی بە سەرچاوە (ڕێفرێنس) دانەنرێ، ئەمباری کەم. نامەیەک دێتە پێش چاوم، دەحەپەسێم. نامەکە تەمەنی هەیە. چۆن پێشتر نەمدیوە؟ بچکۆلەیە. ئەم دۆستەم یەکێکە لە قەدرگرانەکانی دۆستایەتیی من، لێ من هەرگیز وەڵامم نەداوەتەوە. دەشزانم بۆ!

ڕۆژانێ بوو نامە شادەماری پێوەندی، نێوان من و وڵات و...... ڕووداوە نەخوازراوەکان بوو. دەیەی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو، هەواڵی مەرگ و خوێن بەدەستی دوژمنان، دەیەی دوای وی کوشتن و برین و ڕاوەدوونان بە دەستی خۆمان. هەندێ نامە کە دەگەیشتن چەندان هەفتە، لە ژێر سەرین، گیرفان و جانتای شاندا بوون. بەردەوام چاوم پێدا دەگێڕان. هەندێکی دی زوو دە چاوانێ بزر دەکران، نەک بەوەی هی نەیارێکە، نا، بگرە چون خەمی لە ناخم پتر و زێدەتر بوو. دەشێ ڕاستبێ گەر بڵێم تا هەینێ بە نامەکانی کاکمدا، دڵشاد مەریوانی، نەچووبێتمەوە! ڕاستتریش بەوەی کاکە ئازاد-یشدا، بۆ؟

**ڕۆشنبیرێک**

دە ناوەڕاستی دەیەی هەفتاکانی گوزەشتە تا ڕۆژی هەڵاتنم، ١٩٧٩، ناوبەناو ئەو لەتەک کۆچکردوو ئومێد ئاشنا، کە یەکێک لە چایخانەنشینانی مە بوو، لە چایخانەی قەڵادزێیان- سولەیمانی دەهاتە دیدەنیمان. ئەو خوێندەوار و ڕۆشنبیر بوو، ئاکار جوان و ڕەوشت پاک بوو. ئێمە، من و حەمەعومەر عوسمان و فاتیح عیزەددین کەیفمان بە دیداری دەهات، کۆڕ و وتووێژ گەرمتر دەبوو. ئەی چۆنە من وەرامی نامەکەی ویم نەداوەتەوە؟

**وڵاتێک**

وڵاتێک دە خوێن ڕا دەگەوزێ. ڕۆشنبیرەکانی پێشتر، بە فیتی سیاسەتەوانیان دەکەونە ڕاوەدوونانی یەکدی. فەتوای چەک لە ڕووناکبیرانیان دەدەن. بە نێوی گەلەوە، دەنگ دەدەن؛ بەوەی کوشتن و تێزاب کردن بە ڕووناکبیرێکدا، کە نەیار بێ، چاترە لە چالاکیی ڕۆشنبیرییان. شاربەدەر دەکرێن. ئەو یەکێکە لەو ڕۆشنیرانەی بەر ڕقی ڕۆشنبیرانی ڕەنگ دەکەوێ. بە دەستێ، بە قەولی هۆشی مین، چەک بە وی دی قەڵەم! دە قەراری دڵیش ڕا ڕکوکین، مل دانەواندن بۆ چەند سیاسەتەوانێک!

ئەم دیدنیگایە ڕەنگ ناناسێ، ئەفسووس، سەرجەم ڕەنگەکان دەگرێتەوە. سەردەمی بۆلشەڤیکان و شۆڕشی کولتووری ماو تێسی دۆنگ-م وەبیر دێنێتەوە. ئەمن

بڕیاردەدەم بەشداری ئەو چالاکیانە نەکەم، تەنانەت جارێکیش هاوڕێم خەبات عارف سڵاوی تایبەتی مامۆستا ئازادی بۆ هێنام و خواستی وی بۆ بەشداری نووسین. دەبێ بە دڵسۆزی خۆی بمبەخشێ.

بە ئومێدی ئەوەی جارەکی دی ئەو ڕۆژە ڕەشانە دروست نەکرێنەوە.

**خودی نامە**

نامەکە تاو-و گوڕێکی نوێ لە خۆ دەگرێ. ڕابوونەوەیە. هەست دەکەیت کە ڕۆژگارێکی (نوێ) بەڕێوەیە. پێدەچێ (دەروازەیەکی) تازە کرابێتەوە. پێویست کا گشتمان بەشدار بین. تۆخکردنەوەی ئەم ڕەنگ و سرپینەوەی ڕەنگێکی دی نییە. دەسپێک؛ بۆ بەسەرکردنەوەی دۆستایەتی مێژینەمان نامەیەکی کورت و چکۆلەی ناردووە، سپاسی دەکەم، دوای چەندانساڵ منی بەسەر کردۆتەوە.

بڕواناکەم کەسێ بزانێ تامی نامەی دۆست و هاوڕێییەک چەند شیرنە، تامدار و خەمرەوێنە. ئاهێک، گورجییەک، تاوێک دەداتە ڕۆحی غەریب و هیشکهەڵاتووی دوورەوڵات. مەگەر تەنێ ئەوانە بزانن کە دەردی دووری و بێ وڵاتییان چەشتووە. کاکە ئازاد-یش بمبەخشێ.

**٢٠٢٤ ئاگۆست**

*** دەقی نامەکە**

**برای بەڕێز و خۆشەویستم کاکە گۆران**

سڵاو و ڕێز و خۆشەویستیم هەیە بۆتان، لە دوورەوە دەستەکانت دەگوشم.. هیوادارم هەمیشە سەرکەوتووبن لە کارەکانتاندا.

ماوەیەکی زۆرە هەواڵتان نازانم، نازانم ئێستە بە چییەوە خەریکن و لەگەڵ شیعر چۆنن..؟ لە کاتی خۆیدا شیعرێکت بەناوی پاییزە شۆخ، کردم بە عەرەبی (و) بڵاوکرایەوە. شتی ناسک و جوانتان هەبوو، ئێمە ئێستا لە هەولێر خەریکی دەرکردنی گۆڤاری (ڕامان)ین، نازانم هیچ ژمارەیەکت لێ دیوە، یان نەء..؟

کاک جەبار جەمال غەریب پێی ڕاگەیاندم کە دراوسێی برایەکەی ئەون، بۆیە بە هەلم زانی ئەو چەند چاپکراوە، لەگەڵ ئەو نامە کورتیلەیەتان بۆ بنێرم، هیوادارم لە هەواڵی خۆتان و بەرهەمی نوێتان ئاگەدارم بکەنەوە، خۆ ئەگەر پێتان خۆش بوو، پێم چاکە هەندێ لە بەرهەمەکانت لە ڕامان بڵاوبکەینەوە، هیچ نەبێ خوێنەری ئێرە ئاگایان لە کار و بەرهەمەکانتان هەبێ، لەوانەیە بزانن (ڕامان) گۆڤارێکە لەسەر ئاستێکی فراوان بڵاو و پەخش دەکرێ و خوێنەرانی زۆر دەیبینن، ئەگەر کتێبی چاپکراویشتان هەبێ بۆمان ڕەوانە بکەن کاریان لەسەر بکەین، جارێ لەو دەرفەتە کورتەدا حەزم کرد بەم نامە بچکۆلەیە بەسەرتان بکەمەوە، ئیتر تا نامەیەکی تر ڕێزم هەیە و هەر بژین.

**هەولێر**

**ئازاد عەبدولواحید**

**١٩٩٩/٨/٥**

